بسم الله الرحمن الرحيم

١٤٤٤هـ

سیفەتەکانی ئافرەتی صالحة:

١- ترسی خودا لە دڵی دا هەبێت
چونکە بەراستی هەر کەسێک ترسی الله لە دڵیدا هەبێت هەرچی خودا دەفەرموێت فەرمان و نەهیەکانی جێبەجێدەکات،ترسی الله وای لێدەکات لەگەڵ خێزانی چاکەکار بێت

٢-فەرمانبەرداری پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ

٣-لەماڵەکەیدا جێگیر دەبێت و بەسەلامەتی دەمێنێتەوە
{ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ } ئەی ئافرەتانی موسڵمان لەماڵەکانتاندا بمێننەوە

٤-ئافرەتی صالحە خۆی دادەپۆشێت بە پۆشاکی شەرعی بە عەبا و نیقاب جوانی خۆی بۆ جگە لە حەلاڵی خۆی نەبێت دەرناخات
٥-ئافرەتی صالحە نەفسی خۆی بەکەم دەزانێت

٦-هەوڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی هیدایەت و صاڵح بوون و هۆیەکانی بەدەستهێنانی

٧-ئافرەتی چاکەکار خۆی دەپارێزێت لە مەجلیسێک لە الله ی دوور بخاتەوە واتە خۆ دەپارێزێت لە مەجلیسی دونیایی

٨- ئافرەتی دانا وئاقڵ ئافرەتێکە کە بەردەوام لە هەوڵ دایە بۆ فێربوونی عیلمی شەرعی طلبی علم دەکات و دعوە دەکات بۆ دینەکەی بۆ ئەوەی لەداهاتوودا نەوەیەکی پڕ علم بخاتەوە بإذن الله

٩-ئافرەتی صالحە و داوێن پاک لەماڵی خۆیدا نەبێت لە هیچ ماڵێکی تر جلەکانی ناگۆڕێت

١٠-سیفەتێکی تری ئافرەتی چاکەکار کەم قسەکردنە

١١-ئافرەتی ئیماندار و ئاقڵ خەم خۆری قەبر و قیامەتیەتی، زۆر دەست بە کاتەکانی رۆژانەی دەگرێت لە عیبادەت و زیکر و علم و شتی بەسوود

١٢-ئافرەتی صالحە کاتێک گەنجێکی بەتەقوای ئەهلی ئیمان دێتە خوازبێنی داوای مارەیی زۆر ناکات بەڵکو بەپێی ئیمکانیەتی گەنجەکە داوا دەکات

١٣-ئافرەتی ئیماندار هاوسەرەکەی لەهەموو کەسێک زیاتر خۆش دەوێت و رێزی دەگرێت وە بەشێوەیەک رێزی دەگرێت و خزمەتی دەکات وەک ئەوەی خزمەتی پاشایەک بکات کە تۆ وەک پاشایەک خزمەتت کرد ئەویش وەک شاژن دەتژیەنێت

١٤-یەکێک لەسیفەتە گرنگەکانی ئافرەتی صالحە گوێڕایەڵی مێردەکەی دەکات وە لە قسەی دەرناچێت

١٥-ئافرەتی عاقڵ و تێگەیشتوو لەلای هاوسەرەکەی باسی هیچ ئافرەتێکی تر ناکات چ باسی جوانی ئافرەتێک بێت یان شەهادە و علمی یان...هتد
وە بەهەمان شێوە باسی هیچ پیاوێکی تریش ناکات لەلای هاوسەری چونکە دەزانێت پیاوەکەی بەوە تورەدەبێت

١٦-ئافرەتی صالحە بەبێ ئیزنی پیاوەکەی لەماڵ دەرناچێت و بۆ هیچ شوێنێک ناچێت بەبێ پرسی پیاوەکەی

١٧-ئافرەتی صالحە دەست دەگرێت بەو نیعمەتانەی خوای گەورە پێی بەخشیوە و ئیسراف ناکات واز دەهێنێت لە ئیسرافکردنی هەموو شتێک بەتایبەت گۆڕینی مۆدێلاتی ناوماڵ هەر ساڵ جارێک

١٨-ئافرەتێکی ئاقڵی تێگەیشتوو کاتێک هاوسەرەکەی ئیشی نیە یاخود ئەو پارەیەی وەری دەگرێت کەمە قەناعەتی پێ دەکات و لۆمەی هاوسەرەکەی ناکات بەڵکو پشتی دەگرێت دڵی دەداتەوە بەوەی ئەمەش تاقیکردنەوەی خوایە و کۆتایی دێت

١٩-ئافرەتی چاکەکار پارێزگاری لە نهێنی ماڵ و مێردەکەی دەکات

٢٠-هەرکاتێک زانیت پەیوەندیتان باش نیە دیاری بکڕە بۆ هاوسەرەکەت چونکە گۆرینەوەی دیاری لەنێوان یەکتردا پەیوەندی بەهێز دەکات

٢١-ئافرەتی صالحە بەبەردەوام بە پیاوەکەی دەڵێت من سوپاسی خودا دەکەم کە هاوسەرێکی وەک تۆی پێ بەخشیوم

٢٢-دەبێت بەردەوام ماڵەکەی بەپاکی ڕابگرێت وە خزمەتی ماڵی بکات

٢٣-ئافرەت دەبێت بەردەوام خۆی پاک ڕابگرێت و جلی جوان لەبەر بکات بۆ هاوسەرەکەی
٢٤-کاتێک هاوسەرەکەی دەڕوات بۆ کارکردن بەزمانی شیرین و قسەی خۆش خوا حافیزی لێدەکات
وە کاتێکیش بگەڕێتەوە ماڵ بە ڕوویەکی گەش و جوانەوە پێشوازی لێدەکات و بەخێرهاتنی دەکات

٢٥-لەکاتی ئامادەنەبوونی هاوسەرەکەی لەماڵەوە، ماڵ و ناموسی پیاوەکەی بەتەواوی دەپارێزێت

٢٦-وە منداڵەکانی پەروەردە دەکات بەجوانترین شێوە لەسەر قورئان و سوننەت وە فێربوونی علم
خوایان خۆشبوێت وە دواتر پێغەمبەری خوایان خۆشبوێت ﷺ

٢٧-سیفات وئەخلاقێکی تری زۆر جوانی ئافرەتی صالحە

خۆپاراستن و دوورکەوتنەوەیەتی لە بەچاو دانەوەی هەڵەی پیاوەکەی بەتایبەت ئەو هەڵە وگوناحانەی لە ڕابردوو کردوویەتی
چونکە ئەم سیفەتە پلەی ئافرەت کەم دەکات لەدڵی پیاو

٢٨-وە ئەم سیفەتە زۆر جوانە لەئافرەتی صالحە کاتێک هاوسەرەکەی قسەی بۆ دەکات زۆر بە تامەزرۆیی و ئسلوبێکی جوانەوە گوێی بۆ دەگرێت وە قسەی پێ نابڕێت زۆر بەجوانی ڕوو لەپیاوەکەی دەکات تا قسەکانی تەواو دەکات

٢٩-سیفەتێکی تری ئافرەتی چاک و ساڵیحە ئەوەیە کاتێک لەگەڵ هاوسەرەکەی بەشەر هاتن هەر زوو دەچێت و ئاشتی دەکاتەوە

٣٠-ئافرەتی ئاقڵ قەت زۆر مۆبایل بەکارناهێنێت کاتێک پیاوەکەی لەماڵە، وە ئەوەندە بەکاری ناهێنێ کە هاوسەری پێ بێزار بکات بەتایبەت گەر جۆری قسەکردن و نامەناردنەکەی جێی گومان بێت

٣١-ئافرەتی ئیماندار چاکەی مێردەکەی لەبەرچاوە و لای خۆی هەڵیدەگرێت هەر ماوەی جارێک کاتێک دڵیان خۆشە ونێوانیان باشە ئەوکات چاکەکانی بۆ دەخوێنێتەوە و سوپاسی دەکات

٣٢-ئافرەت دەبێت تا پێی دەکرێت ئەو خواردنانە ئامادەبکات کە بەدڵی هاوسەرەکەیەتی چونکە پیاو زۆر تامەزرۆی ئەوەیە کاتێک دەبینێت خواردن بە دڵی ئەو بێت

٣٣-ئافرەتی صالحە دەبێت بەیانیان زوو هەستێت خواردن بۆ پیاوەکەی ئامادەبکات بەرویەکی گەشەوە
کاتێک دەزانێت پیاوەکەی زۆری پێ خۆشە
ئەوا لەپێش ئەودا بەخەبەر دێت خواردن و جل و بەرگی بۆ ئامادەدەکات

٣٤-ئافرەتی چاکەکار زۆرحەزی بە خێر و صەدەقەیە بەردەوام هانی هاوسەری دەدات لەسەر خێر و صەدەق کردن هەتاوەکو ئەگەر هەژاریش بن

٣٥-ئافرەتی تێگەیشتوی ئاقڵ قەت شانازی ناکات بەجوانی و شەهادە وناوبانگی ماڵی باوکو عەشیرەتی بەسەر پیاوەکەی دا منەت بکات و لوت بەرزی بنوێنێت

٣٦-گوێرایەڵی پیاوەکەیەتی لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا

٣٧-ئافرەتی صالحە بەپیاوی ڕادەگەیەنێت کە بوونی ئەو زۆر گرینگە بۆ ژیانی وا دەربڕینی خۆشەویستی بۆی پێی ڕابگەیەنێت کە زۆری خۆش دەوێت،چونکە کاتێک پیاو هەستی کرد کە خێزانەکەی بەو شێوە خۆشی دەوێت و گرینگە لای زۆر خۆشی دەوێت و ڕێزی دەگرێت

٣٨-شەونوێژ لەبیر مەکەن
هاوسەرەکەت بەئاگا بهێنەرەوە بۆ شەو نوێژ
حاڵی ئافرەتانی سەلەف چۆن بوو.
إبن الجوزي - رحمه الله - دەفەرمووێت :عمرەی خێزانی حبیبی العجمی
:کاتێک شەوان هەڵدەسا لەخەو
بەپیاوەکەی دەوت هەڵسە ئەی پیاو : ئەوە شەو ڕۆیشت وە ڕێگاکە دوورە وە توێشمان کەمە وە قافلەی چاکەکاران بەڕێ کەوتون و ئێمە بەجێ ماوین.
صفة الصفوة : ٣٥/٤

٣٩-ئافرەتی صالحە ماوەی جارێک بە هاوسەری دەڵێت
وەرە باباسی پاکی و بێگەردی و گەورەیی خوا بکەین باس لە نیعمەتەکانی بکەین باس لە بەخششەکانی بکەین وەرە با سوپاسگوزاری بکەین کە ئێمە هەرگیز ناتوانین سوپاسی نیعمەتەکانی خودای گەورە بکەین کە هیدایەتی داین کە من و تۆی کۆکردەوە بەیەکەوە تا خزمەتی دینەکەی بکەین کە الحمدلله موسڵمانین و موشریک نین
ئەمانە و زۆری تریش....

٤٠-ئافرەتی چاکەکار هەرگیز واز لەفێربوونی علم و دەعوە و طلبی علم ناهێنێت

٤١-ئافرەت دەبێت میوان دۆست بێت وە دڵ خۆش بێت بە دۆستایەتی نێوان موسڵمانان و سیلەی ڕەحم بەجێبهێنێت وە خزمەتی میوانی بکات بەجوانترین شێوە

٤٢-سیفەتێکی هەرە گرینگ کە دەبێت لە ئافرەتی صالحە دا هەبێت بونی شەرم و حەیایە ئافرەت دەبێت ڕەوشت بەرز بێت وە بەهەمان شێوە نابێت شەرم ڕێگری لێبکات لە طلبی علم

دایکمان عائشة ﴿رَضِيَ اللهُ عَنْها﴾ فەرمویەتی:- باشترینی ئافرەتەکان ئافرەتانی أنصارن، شەرم نەدەبووە ڕێگر لێیان بۆ فێربوون و تێگەشتن لە دین

ئەمانە و چەندان سیفەتی تر.......

■ ئەو سیفەتە باشانەی الله تعالی وەسفی ئافرەتی پێکردوە بۆ هاوسەرگیری لە باشترین سیفەتەکانن لە ئافرەت هەبن

{عَسَىٰ رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ }
مُسْلِمَاتٍ/ موسڵمانن
مُّؤْمِنَاتٍ/ئیماندارن
قَانِتَاتٍ/گوێڕایەڵی الله و رسول وە مێردەکەین
تَائِبَاتٍ/تەوبەکارن
عَابِدَاتٍ/زۆر عیبادەتکارن
سَائِحَاتٍ/ زۆر بەڕۆژوو ئەبن

🔹 لە کۆتاییدا ئەی ئافرەتانی موسڵمان
فەرمانبەرداری الله تعالی بن وە پاشان پێغەمبەر ﷺ کە فەرمانتان پێ دەکەن لەگەڵ هاوسەرەکانتان چاکەکاربن و گوێڕایەڵیان بکەن و لەقسەیان دەرمەچن

🔹 بێگومان کەتۆ ئەمەت ئەنجام دا نابیتە کۆیلەی ژێر دەستی وەک جاهلەکانی ئێستا کە وابیردەکەنەوە

بەڵکو تۆ دەبیە شاژن لەماڵەکەتدا بە پاکی دەسرەویتەوە و وەخزمەتی پاشاکەت دەکەیت لەماڵەکەتدا دەوڵەتێکی ئیسلامی بچووک درووست دەکەیت ژیانێک دەژیت پڕ لە عیبادەت وە رازیبوونی الله تعالی لێت إن شاء الله

- 🔷 خوشکی سەنگینم دەسبگرە بەم سیفەتانەوە وە گەر تا ئێستا هیچ یەکێک لەم سیفەتانەت تێدا نەبووە یاخود هەندێکیش تێدا هەبووە هەندێکی تر نەخێر ئەوە هەوڵ بدە هەمووی لەخۆتدا بەرجەستە بکەیت وە خوای گەورە لەخۆت رازی بکەیت بە گوێڕایەڵی کردنی مێردەکەت وە دەس گرتن بە قورئان و فێربوونی علم

{اللهم صل وسلم على نبينا محمد}


الحمد لله